# (٨)

# گفتوگۆی ژیرانه

بەڕێزان! یەکێکی دیکە لەو فەرموودانەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دڵنەخۆشانو عەقڵنەخۆشان ڕەخنەی لێ دەگرنو قسەی لەسەر دەکەن، وای دادەنێن کە فەرموودەکە سوکایەتی کردنو بەکەم سەیر کردنی ئافرەتە ئەو فەرموودەیەیە کە گوایە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی شەیتانو ئافرەتی لەیەك فەرموودەدە لەتەك یەکتر هێناوە، کێشەکە لەوەدایە ئەم جۆرە کەسانە یان ڕواڵەتی شتەکان دەبینن، یان ئەوەتا تێگەیشتنێکی (بەش – جوزئی)یان هەیە لە (گشت – کل)ی، دەقەکانی شەریعەت لەکار دەخەن، ئەمە لە کاتێکدا دەقەکانی قورئانو سوننەت هەندێکی تەواوکەری هەندێکی دیکەیە، وەك ئەوە وایە تۆ بڵێی خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ﴾ الماعون، بێ ئەوەی ئایەتەکەی دوای ئەو بهێنی!! بەڵێ خوای پەروەردگار هەڕەشەی لەنوێژخوێنان کردووە، بەڵام کامە نوێژ خوێن؟ ئایەتی دوای ئەو وەڵامان دەداتەوە دەفەرمووێ: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ﴾ الماعون، ئەوانەی نوێژەکانیان دەفەوتێننو دەیچوێنن، یاخود بۆ بەرچاوی خەڵكو ڕوپامایی دەیکەن.

خوای پەروەردگار لەبارەی ئەو کەسانەوە کە دڵنەخۆشو عەقڵ نەخۆشن دەفەرمووێ:

﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧ ﴾ آل عمران.

خوای پەروەردگار ئەو خوایەیە کە قورئانی بەسەرتۆدا دابەزاندووە، لەنێو ئەو قورئانەدا دوو جۆر ئایەت هەن، هەندێکیان ئایەنی موحکەمو مانا ڕۆشنو دیارن، کە ئەمە زۆربەی هەرەزۆری قورئانە، کە ناوەڕۆكو بنچینەی بناغەی قورئانیشە، هەندێکی دیکە ئایەتی

وێکچوو مانا نارۆشـنە، کـە ئەمانـەیان چـەند ئایـەتێکی ژمـارە کـەمن، جـا ئەوانـەی دڵنەخۆشن بەدوای ئایەتە نارۆشنەکان دەکەون لەپێناوی درووست کردنی فیتنەو ئاشووبو درووستکردنی تەئویلو لێکدانەوەی نابەجێ، وە ئەم ئایەتە مانا نارونو نارۆشـنانە هـیچ کەسێك ماناو لێکدانەوەیان نازانێ جگە لە خوا، ئەوانەش کـە ڕۆچـوونە بـەنێو زانسـتو زانیاریدا دەڵێن: باوەڕمان بەهەمووی هەیە، هەمووی لەلایەن پەروەردگارمانەوە دابەزیوە، وە تەنها ئەوانە بیری لێ دەکەنەوەو عەقڵیان بەسەر ئەمەدا دەشـکێ کـە خـاوەن عـەقڵو ژیرین.

بۆیە بەڕێزان!

دەبێ ئێمە ئاگاداری خۆمان بین شوێن ئەو ئایەتو فەرمایشتە وێکچـوو مانـا نارۆشـنانە نەکەوین بەڵکو بۆ لێکدانەوەی ماناکانیان بگەڕێینەوە بۆ ئایەتـە مانـا ڕۆشـنەکان، ئـەم جۆرە فەرموودانەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێ تەنیا سەیری ڕواڵـەتی نـەکرێ، هـەروەها نابێ بەشێکی بهێنرێو واز لەبەشـەکەی دیکـەی بهێنـرێ، هـەروەها دەبـێ بزانـێ لـەچ بۆنەیەکـدا گـوتراوە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خـواش ﷺ بەهەمان شێوەی ئایەتەکانی قورئان چۆن هۆکاری دابەزینیان هەیە، فەرموودەکانیش هۆی گوتنیان هەیە!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**إِذَا رَأَيْتُمْ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ سَمَّاهُمْ اللَّهُ فَاحْذَرُوهُمْ**}[1] واتە: ئەگەر ئەوانەتان بینی کـە شـوێن مانـا نارۆشـنو وێکچووەکان دەکەون، ئەمە ئەو کەسانەن کە خوای پـەروەردگار لـە ئایەتەکـەی سـەرەوە ناوی هێناون، بۆیە ئاگاداربنو وریابن لێیان.

ئنجا بەڕێزان هەندێ فەرموودەی خۆشەویست هەن ﷺ دەکەونە ئـەو چوارچـێوەیەی کـە پێی دەگوترێ: (**مُتَشَابِه**) مانا نارۆشنەکان، یەکێ لەو فەرموودانەی کـە باسـەکانەی ئـەم بەشەی کتێبەکەمانە ئەم فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

[1]) **أخرجه أحمد (٦/٤٨، رقم ٢٤٢٥٦)، والبخاري (٤/١٦٥٥، رقم ٤٢٧٣)، ومسلم (٤/٢٠٥٣، رقم ٢٦٦٥).**

{لَوْلَا بَنُو إِسْرَائِيلَ لَمْ يَخْنَزْ اللَّحْمُ وَلَوْلَا حَوَّاءُ لَمْ تَخُنْ أُنْثَى زَوْجَهَا الدَّهْرَ}[٢] واته: ئەگەر نەوەی ئیسرائیل نەبووان گۆشت بۆگەن نەدەبوو، وە ئەگەر حەوواش خیانەتی لە باوکە ئادەم نەکردبا ئەوا هەرگیز هیچ مێیەك خیانەتی لە هاوسەرەکەی نەدەکرد بەدرێژایی زەمان.

بەر لە هەر شتێك دەبێ بزانین ئەمە بەشێکی قسەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ هەمووی نیە، بەڵکو بەشێکە، لێرە مەبەست ئەوە نیە حەووا خیانەتی کردبێ حاشا لەحەووا، بەڵکو مەبەست ئەو ئارەزووەیە کە بووە هۆی هەڵخەڵەتاندنیان، شەیتان سوێندی بۆ خواردن کە دەیەوێ سوودیان پێ بگەیەنێو تەنها نیەتی ئامۆژگاریو دڵسۆزییە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ٢١ ﴾ الأعراف، سوێندی بۆ خواردن کەمن بۆئێوە دڵسۆزم!

دەبێ بزانین قورئان دەلالەتو بەڵگەکانی یەکلاکەرەوەن، گومان هەڵناگرن، بەڵام فەرموودە بەم شێوەیە نییە، بەڵگەو دەلالەتەکانی وەك قورئان یەکلاکەرەوە نین، هەڵەکە لەوە ڕوویداوە کە ئارەزوو بەسەریاندا زاڵ بووە، شەیتان کارەکەی بۆ ڕازاندنەوە، تا لەدارەکە بخۆن، ئەوانیش ئەو بەڵێنەی نێوان خۆیانو خوای پەروەردگاریان لەیاد چوو.

حافظ دەڵێ: {لەو فەرموودەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەگەر ئافرەت هەڵەیەکی کردو هەڵخەڵەتا بەهۆی زاڵ بوونی نەفسو ئارەزوو ئەوا نابێ پیاو ئەوەندە دابەزێتە سەر ئافرەتو کارەکەی لەسەر قوڕس بکات، لەبەر ئەوەی دیارە کە ئافرەتیش ئینسانەو شایەنی ئەوەیە هەڵە بکات}.

هەروەها دەڵێ: {لەم فەرموودەیە درێژەی باسەکە باس نەکراوە، تەنها ئاماژەیەکە، بۆ ئەوەی لە درێژەی بەسەرهاتەکە بگەین، ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قورئان بۆ ئەوەی توشی هەڵە نەبین بەرچاو ڕۆشن بین}.

**قورئان لەبارەی ئەو بەسەرهاتەوە دەفەرمووێ:**

[٢]) أخرجه أحمد (٢/٣١٥، رقم ٨١٥٥)، والبخاري (٣/١٢٤٥، رقم ٣٢١٨)، ومسلم (٢/١٠٩٢، رقم ١٤٧٠).

﴿ فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ ﴿١١٧﴾ ﴾ طـــه، گوتمان: ئەی ئادەم سەرەتا خوای پەروەردگار ئادەمی ئاگـادار کردۆتـەوە، پێـی فـەرمووە شەیتان دوژمنی تۆو خێزانەکەتە، ئاگـاداربن بـا دەرتـان نـەکات لـە بەهەشـت، ئـەگینا بەدبەختو سـەرگەردان دەبـن، ڕووی فەرمانەکـەی ئاراسـتەی ئـادەم کـردووەن، شـەیتان وەسوەسەی بۆ هەردووکیان کردووە نەك بۆ حەووا بەتەنیا، لەبەر ئەویە خوای پـەروەردگار سەرپەرشتیو قەووامەی داوە بە پیاو بۆیـە ئادەمیشـی دوانـدووە نـەك حـەووا سـەلامی خوایان لێبێ، کەواتە: بە پێچەوانەوە بەرپرسیارێتیەکەی زیاتر خستۆتە سـەر ئـادەم نـەك حەووا.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرمووێ:

﴿ وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ الأعراف، ئەی ئادەم خـۆتو خێزانەکـەت لـە بەهەشـت نیشـتەجێ بـن، لەهەموو ئەو شتانەی نێو بەهەشت بخۆنو بخۆنەوە کە ئارەزووی دەکەن بەڵام نزیکـی ئـەو درەختە مەکەونەوە کە لێم قەدەغە کردوون، ئەگینا دەچنە ڕیزی ئەوانـەی کـە سـتەمیان لەخۆیان کردووە.

پاشان خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ الأعراف.

شەیتان هەردووکیانی توشی وەسوەسە کرد، بۆ ئەوەی جـلو بـەرگیان لەبـەر دابکـەنێ، شەیتان پێی گوتن: خوای پەروەردگار تەنیا لەبەر ئەوە ئەو درەختەی لێ قەدەغە کـردوون ببن بە فریشتە، یاخود بەهەتا هەتایی بمێننەوە.

سەیری ئایەتەکان بکەن بەڕێزا خوای پەروەردگار هەمـوو خیتابەکەی بە (مثنـی) هێنـاوە، هیچ یەکێکیان هەڵاوێر نەکردووە، دەفەرمووێ: وەسوەسەی بۆ هەردووکیان درووست کرد، سوێندی بۆ هەردووکیان خوارد، هەردووکیان لە دەرختەکەیان خوارد، نەیفـەرمووە حـەووا

هۆكار بووە، یان ئادەم هۆكار بووە، بەڵكو هەردوكیان هۆكـار بوونـە، بـەهیچ شـێوەیەك لەقورئاندا ئاماژە بۆ ئەوە ناكات دایكە حەووا بەرپرس بێ.

دوای ئەوەش كە سەرپێچی خوای پەروەردگار دەكەن، خوای پەروەردگار پێیان دەفەرمووێ:
﴿ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ الأعـراف، خوای پەروەردگار بانگی هەردووكیانی كـرد، ئایـا مـن ئـەم درەختـەم لـێ قەدەغە نەكردن پێم نەفەرموون: شەیتان دوژمنی دیارو ئاشكرای ئێوەیە؟!

سەیر بكەن بەڕێزان! دیسان خـوای پـەروەردگار لـە ئایەتەكـەدا هـەردووكیان دەدوێـنێ، تاوانەكـە ناخاتـە ئەسـتۆی یـەكێكیان، لـە ئایەتەكـەدا دیـارە كـە خـوای پـەروەردگار سەرزەنشتی هەردووكیان دەكاتو ئایەتەكە هەمووی بە سیغەی (مُثنى) هاتووە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەر لە هەندێ شوێن بە سیغەی (مُثنى) نـەهاتبێو بـە سـیغەی (مفرد) تاك هاتبێ ئەوا خوای پەروەردگار ئادەمی باس كردووە نەك حەووا، بۆ وێنە كاتێ باسی پاڕانەوەیان دەكات سەرەتا ئادەم پێش دەخـات دەفـەرمووێ: ﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾ ﴾ البقـرة، ئـادەم چـەند ووشـەیەكی لـەخوای پەروەردگارەوە وەرگرتو بەم وشانە لـەخوای پـەروەردگار پاڕایـەوەو داوای لێخۆشـبوونی كرد.

هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ ﴾ طه، ئێمە پێشتر پەیمانو بەڵێنمان لە ئادەم وەرگرتبوو كە نزیكی درەختەكە نەكەوێ بـەڵام ئەم لەبیری چوویەوەو عەزمو خۆڕاگریمان لێی نەبینی.

سەیر بكەن بەڕێزان! لێرە خوای پەروەردگار باسی حەووا هەر ناكـات، دەی ئەگـەر حـەووا بەرپرس بوایە لەم سەرپێچییە بۆچی خوای پەروەردگار سەرزەنشـتی ئـادەم دەكـات؟ وەك گوتمان: لەو شوێنانەی بە سیغەی تاك هاتبێ خوای پـەروەردگار بەتـەنیا باسـی ئـادەمی سەلامی خوای لێبێ كردووە، لەبەر ئەوە دیارە كە ئەو زیاتر بەرپرسیارە.

لەشوێنێكی دیكەدا دیسان خوای پەروەردگاربەرپرسیارێتییەكە دەخاتـە ئەسـتۆی ئـادەم، بەپێچەوانەی ئەوانەی باسی ئەوە دەكەن حەووا هۆكـار بـووە، هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿

﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾ ﴾ طـه، ئـادەم سەرپێچـی خـوای پـەروەردگاری کـردو ڕێگـە ڕاستەکەی لیٚ وون بوو، سەری لێشێوا.

ئەوانیش لەبەر ئەوەی کە ئەزموونیان نەبوو، هەروەها شەیتان سوێندی بۆ خـواردن، بۆیـە لە ئەسەردا هـاتووە، هـەردووکیان دەڵـێن: ئێمـە هـەرگیز چـاوەڕێی ئـەوەمان نـەدەکرد درووستکراوێکی خوا هەبێ سوێند بەزاتی پاکی خوا بخوا بەدرۆ، بۆیە هەڵخەڵەتان.

خوای پەورەردگار دەفەرمووێ: شەیتان وەسوەسەی بۆ کردن وەك لەسـەرەوە ئایەتەکـەمان هێنا، لەهیچ شوێنێك باسی ئەوە ناکات دایکە حەووا بە ئـادەمی فـەرمووبێ درەختەکـە بخۆن، کەواتە: هەڵخەڵەتاندنەکە لە ئەستۆی شەیتانە، شەیتان بەکارەکە هەڵساوە، ئـەوەی کە دەگوترێ: دایکە حەووا بەرپرس بووەو بووەتە هۆکاری خواردنی دەرەختەکە لەتـەوڕات وەرگیراوەو دەقێکی ڕوونو ڕاشکراومان نیە لەو بارەوە، ئەوەی ڕوونو ئاشکرایە لە قوڕئان هاتووە، ئێمە زۆربەمان هێنا کە بەهیچ شێوەیەك ئەو شتە ڕاست نییە، لەبەشی داهاتوودا دێینە سەر ئەوەی کە چۆت لە تەوڕاتی دەسـتکاری کـراودا ئەمـە خراوەتـە سـەر دایکـە حەووا.